بە چاودێری سەرۆک وەزیران گرێبەستی پرۆژەی دروستکردنی شاری عەلی وەردی واژۆ کرا

بە سەرپەرشتی و ئامادەبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەمە واژۆکردنی گرێبەستی پرۆژەی نوێی شاری نیشتەجێبوونی عەلی وەردی بەڕێوچوو .

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە راگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە:-سەرپەرشتی و ئامادەبوونی سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سودانی، واژۆکردنی گرێبەستی پرۆژەی نوێی شاری نیشتەجێبوونی عەلی وەردی بەڕێوچوو لەلایەن وەزیری نیشتەجێبوون و ئاودانکردن و شارەوانییەکانەوە لەگەڵ بەڕێوبەری کەمپانیای ئۆرا (ORA) بە گەشەپەدانی خانووبەرە نەجیب ساویریس و پرۆژەکە بە گەورەترین پرۆژە دادەنرێت لەنێو پێنج پرۆژەی شاری نیشتەجێبوونی نوێدا، لە قۆناغی یەکەمیدا و لە بەرنامەی حکومەت ئەولەویەتی پێ دراوە بە جێبەجێکردنی.

ئاماژەبۆکرا ,,لە میانەی ڕۆوەسمی واژۆکردنەکەدا، سودانی وتی کە ستراتیژی چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون کە حکومەت گرتوویەتە بەر ئامادەکردنی ئەو شارانە لە خەدەگرێت کە بە ژێرخان خزمەت کراون، هەروەها بەردەستبوونی هەزاران یەکەی نیشتەجێبوونی جیاواز، بە ئەوەی لەگەڵ چینە

جیاوازیکانی هاوپاتیاندا بگونجێت و کاردێکات بۆ کەمکردنەوەی فشاری دانیشتوان لەسەر شاری بەغداد و جێختیشی لێوە کردەوە کە ئێم پرۆژەیە بە یەکێم جار لە مێژووی عێراقدا بەو قەبارە و توانایە جێبەجێ دەکرێت، ئەمەش وەک پابەند بوونێک دێت لە بەرنامەی حکومەتدا بە دەزینەوەی چارەسەری ئیشەیی و بەردەوام بە قەیرانی نیشتەجێبوون.,,

لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە ,,سودانی پەزانینی خۆی دەربڕی بە ئەدای تیمی شارەزا لە وەزارەتی نیشتەجێبوون و ئاودانکردنەوە و ئەمینداریەتی بەغداد و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی تر کە جێخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ژینگەی وەبەرهێنان لە عێراق ئامادە و سەرنجڕاکێشە بە شێوەیەکی کاریگەر.,,

لە لای خۆیەوە، ساوەرس ئاماژەی بەوەدا کە ئێم هاوبەشییە لەگەڵ عێراق بە جێبەجێکردنی شاری نیشتەجێبوونی عەلی وەردی خاڵکی وەرچەرخان دەبێت لە هەماهەنگی و بەشداریکردن لە تەوانینی پشەنگ و داهێنەر بە جێبەجێکردنی شارە نیشتەجێبووەکان، کە هاوسەنگی نێوان پەداویستی ژینگەیی و دانیشتوان لەبەرچاو دەگرێت.

جێی ئاماژەیە پرۆژەی شارە نوێیەکە کە ناوی کەمەناس و بیرمەندی کۆچکردووی عێراقی دکتەر عەلی وەردی لێخدەگرێت، لەسەر ڕووبەری 61 ملیۆن مەتر چوارگۆشە دەست پێ دەکات و دەگاتە باشوری ڕۆژهەڵاتی بەغدادی پایتەخت و 120،000 یەکێی نیشتەجێبوونی هەمەجەر لێخدەگرێت، جگە لە دامەزراوەکان و ڕووبەری سەوزایی و ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای شار بە مەبەستی جێبەجێکردنی ستانداردە پێشکەوتووەکان لە بواری بەردەوامی و پاراستنی ژینگەدا.

هەروەها ساوەریس و کەمپانیای ئەرا یەکێکن لە بەناوبانگترین کەمپانیاکانی بواری گەشەپێدانی خانووبەرە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی و گرێبەست کردن لەگەڵیاندا لە چوارچێوەی ڕاسپاردەکانی حکومەتدا دێت بە تەواوکردنی هاوبەشی سەرکەوتوو لەگەڵ کەمپانیا پێشکەوتووەکان و ئەو بازرگانانەی کە بە کوالێتی جێبەجێکردن و شارەزایی ناسراون.